

# میدیا لەسایەی ژینگە قەیراناوییەکاندا، هەرێمی کوردستان وەک نموونە

٥٠
زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

Political Studies

# میدیا لەسایەی ژینگە قەیراناوییەکاندا، هەرێمی کوردستان وەک نموونە

د. ئیبراهیم سەعید

٥٠ زنجیرە بڵاوکراوەکانی ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

مافی ئەم بەرهەمە پارێزراوە بۆ

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ©

www.kurdistanc.com

kurdistan.kccrc@gmail.com

facebook.com/kurdistanccrc

053 - 318 2929

عێراق - سلێمانی - گردی سەرچنار

@KCCRC1

تشرینی یەکەمی ٢٠١٨

# میدیا لەسایەی ژینگە قەیراناوییەکاندا، هەرێمی کوردستان وەک نموونە

د. ئیبراهیم سەعید

## پێشەکی

ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگی میدیا و کاریگەرییەکانی زیاتر خۆیان بەرجەستە دەکەن، بەتایبەت لە ژیانی ئەمڕۆماندا کە میدیا بەهەردوو شێوەی تەقلیدی و نوێیەکەی توانیویەتی بچێتە نێو ژیانی هەموو تاکێک و ڕۆڵی بەرچاوی هەیە لە دروستکردنی ڕایگشتی و گۆڕینی بیروبۆچوون و ئاڕاستەکردنی ڕەفتار، بەڵام ئەو کاریگەرییانە لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دی جیاوازە، بەواتایەکی دیکە کاریگەرییەکانی میدیا زادەی ئەو ژینگەیەیە کە کاری تێدا دەکات، کاریگەرییەکانیش هەمیشە ناچنە خانەی بازنەی ئەرێنی، بەڵکو زۆرجار بە ئاڕاستەی نەرێنیدا دەڕوات.

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ قسەکردن لەسەر ڕۆڵ و کاریگەری میدیا لەنێو ئەو ژینگانەی لە قەیراندان، هاوشێوەی ژینگەی ئێستای عێراق و هەرێمی کوردستان، بەرچاو ڕوونییەکە بۆ دەرهاویشتە نەرێنییەکانی کاری میدیا لەو ژینگەیە و شێوازی ڕووبەڕووبونەوەی.

## دەروازەیەک بۆ ژینگەی میدیایی

ژینگەی میدیایی بریتییە لەو لایەن و فاکتەرانەی کاریگەری دەکەنە سەر کاری میدیا کە لەسەر دوو ڕەگەزی سەرەکی بونیاد نراوە ڕەگەزی یەکەمیان تەکنەلۆجیایە، واتە ئەو تەکنەلۆجیایەی میدیا پشتی پێ دەبەستێت لە بڵاوکردنەوەی پەیام و ناوەڕۆکەکانی. ڕەگەزی دووەم بونیادی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتییە کە دەبنە چوارچێوەیەک بۆ میدیا(١).

هەموو بەرهەمێکی میدیایی ڕەنگدانەوەی ئەو ژینگەیەیە کە کاری تێدادەکات، هەر ئەو ژینگەیەش بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر کار و چالاکییەکانی میدیا و جۆری ئێڕوانین دیاریدەکات و دەبێتە کارخانەی سیستمی کلتوری و ئاستە جیاجیاکانی کۆمیونیکەیشن و میدیا(٢).

ژینگەی میدیایی، ژینگەیەکی فراوانە و پەیوەستە بە کۆمەڵێک فاکتەری جیاجیاوە، هەر فاکتەرە و لەلای خۆیەوە جێدەستی بەسەر کاری میدیاییەوە بە جێ دێڵێت، ئەو فاکتەرانەش لە سێ بواری سەرەکیدا خۆی دەبینێتەوە(٣):

١- بواری گشتی: مەبەست لێی ئەو فاکتەر و لایەنە دەرەکیانەیە کە کاریگەرییان لەسەر میدیایە و دەبنە چەترێک بۆ کارەکانی و ناکرێت بەئاسانی کۆنترۆڵ بکرێن، ئەو بوارانەش لە هەموو کات و شوێنێک وەک نین، دیارترینیان لە بواری سیاسییە بەتەواوی چالاکی و نەرێتە سیاسییەکانی کە لە نێو کۆمەڵگەدا بوونیان هەیە و زادەی ئەزمون و مێژووی کاری سیاسی و نەریت و ئەفسانەی سیاسی و ئەو ئایدۆلۆژیا و بیروبۆچوونانەیە کە لە نێو کۆمەڵگەیەکی دیاریکراودا هەن، هەروەها بواری ئابوری، یاسایی، کۆمەڵایەتی، کلتوری و جوگرافی هەموو ئەمانە دەبنە بواری گشتی و چوارچێوەی سەرەکی ژینگەی میدیایی دیاریدەکات، هەر کەلێن و گرفتێک لەو بوارەدا ڕاستەوخۆ کاریگەری لەسەر کاری میدیایی دروستدەکات.

٢- بواری ناوخۆیی: مەبەست لێی تەواوی کار و چالاکییە ناوخۆییەکانی کەناڵەکانە، بەو پێیەی هەموو کەناڵێک لە ناوخۆیدا بوارێکی تایبەت بەخۆی هەیە، کە شێوازی کار و چالاکییە ناوخۆییەکان دیاریدەکات و زیاتر پەیوەستە بە شێوازی بەڕێوەبردن، پەیکەری ڕێکخستن، دابەشکردنی دەسەڵات، قەبارەی دامەزراوە، توانای دارایی و مرۆیی و پەیوەندییەکان.

٣- بورای تایبەت: ئەم بوارە پەیوەستە بەو

کاریگەرییانەی جەماوەر و توێژە تایبەتەکان بەسەر میدیاوە دروستیدەکەن، وەک ڕایگشتی، سەرکردەی ڕا، دەسنەبژێری ڕۆشنبیر، وەرگرەکان، کەناڵە ڕکابەرەکان، دامەزراوە پەروەردەییەکان و گروپەکانی فشار هەموو ئەو لایەنانە بەشێکن لەو بوارە ناوخۆییەی ژینگەی میدیایی دروستدەکەن بەجۆرێک هەر یەکە و بەشێوەیەک کاریگەری دروستدەکەن و میدیا بەخۆی بزانێت یان نا لە سایەی ئەو بوارانەدا نەخشەی کارەکانی دادەڕێژێت.

**ئەو هۆکارانەی ژینگەیەکی قەیراناوی بۆ میدیا دروستدەکەن**

ژینگەی قەیراناوی میدیا واتە تێکچوونی ئەو بوارانەی کۆنترۆڵی دۆخی میدیا دەکەن و ناهەوسەنگی دەخاتە نێو ئەو بوارانەی پەیوەندییان بە میکانیزمی بەڕێوەچوونی کاروبارەکانییەوە هەیە، ئەو ژینگەیەش کاتێک بەرەو قەیران دەڕوات کە لایەنە پەیوەندیدارەکان لە ئاست چارەسەرکردنیدا هەنگاوی گونجاو و پێویست نانێن یاخود کار بۆ زیاتر قوڵکردنەوەی و بە قەیراناویکردنی ئەو ژینگەیە دەدەن.

هۆکارەکانی دروستبوونی ژینگەی قەیراناوی میدیا زۆرن، بەڵام هۆکاری سەرەکی خۆی لە نائارامی دۆخی سیاسیدا دەبینێتەوە، بە واتایەکی دیکە ئەو دەمەی دۆخی سیاسی هەر وڵاتێک بەرەوە نا ئارامی هەنگاوینا ئیدی ئەو ژینگەیەی میدیا کاری تێدا دەکات دوچاری قەیران دەبێت، چونکە ژینگەی میدیایی ڕاستەوخۆ پەیوەستە بە دۆخی سیاسییەوە، بەجۆرێک گەر دۆخی سیاسی دۆخێکی نا تەندروست و پرکێشە و ئاڵۆز بێت، ئەوا ڕاستەوخۆ ڕەنگدانەوەی دەبێت بەسەر ئەو ژینگەیەی میدیا کاری تێدا دەکات و سەرەنجام دەبێتە ژینگەیەکی قەیراناوی بۆی(٤).

نائارامی دۆخی سیاسی گوزارشتە لە بوونی کێشە و کەموکورتی و نەبوونی هەماهەنگی لە بەڕێوەچوونی ئەو سیستەمەی زۆرینەی تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەری ڕێکەوتوون، واتە لەرزۆکبوون و ناجێگیری لەو دامەزراوانەی وڵات بەڕێوە دەبەن کە وا دەکات تێکچوونی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و زیان گەیاندن بە

بەرژەوەندی تاکەکان بەدوای خۆیدا بێنێت، زۆر جاریش نائارامی سیاسی توندوتیژی سیاسی و تێکچوونی ئاسایش بەدوای خۆیدا دێنێت، لەم سۆنگەیەوە لە هەر جێگەیەک پەنا برایە بەر توندوتیژی وەک میکانیزمێک بۆ بەڕێوەبردنی ململانێکان، یاخود سیستمی سیاسی دەسنەوەستان بوو لە ئاست بەدیهێنانی خواستەکانی گەل، ئیدی ئەوە ئاماژەیەکە بۆ نائارامی سیاسی (٥). نائارامی سیاسی کێشەیەک نییە پەیوەست بێت بەدۆخێکی دیاریکراوەوە، بەڵکو کێشەیەکە هەم لە دروستبوونی و هەم لە پەلهاویشتنی پەیوەستە بە چەندین کایەی دیکەوە، لە نێو ئەو بوارانەشدا، دۆخی ئابوورییە بەجۆرێک خرابوونی دۆخی ئابووری

> **دیارترین گرفت کە لە سایەی ژینگەی قەیراناوی هەرێمی کوردستان دوچاری میدیا بووە زاڵکردنی گوتاری حزبییە بەسەر گوتاری نیشتمانیدا**

هەم هۆکاری دروستبوونی نائارامی سیاسییە، هەم لە بەرەنجامی نائارامی سیاسی گەشە دەکات کە وادەکات بەدوای خۆیدا کێشە بۆ سەرجەم کایەکانی دیکەی کۆمەڵگە دروستبکات، چونکە سەرجەم فاکتەرە ئابوورییەکانی وەک بێکاری، هەڵاوسان، هەژاری، نەبوونی ئازادی ئابووری و بوونی گەندەڵی دارایی و کارگێڕی ڕاستەوخۆ دەبێتە مایەی دروستبوونی نائارامی سیاسی، بەجۆرێک ئەو دەمەی ئاستی بێکاری

و هەڵاوسان و هەژاری بەرزدەبێتەوە نائارامی سیاسی دروستدەبێت و دۆخەکە بەرەو توندوتیژی هەنگاو دەنێت(٦).

لەهەر ناوچەیەک نائارامی سیاسی بەردەوام بێت کایەکانی ژیان دەکەوێنە بەردەم مەترسی، بەتایبەت جێبەجێکردنی یاسا بەمانا راستەقینەکەی ئاستەنگ دێتە بەردەمی و سەروەری یاسا بوونی نامێنێت و شیرازەی کۆمەڵایەتی تێکدەچێت، ئیدی ژیانی هاووڵاتیان بە ئاراستەیەکدا دەڕوات، کە بەردەوام لە دۆخێکی نائارام و دڵەراوکێ و شڵەژانی دەروونیدان،

> ## میدیا لە هەرێمی کوردستاندا بۆتە نێوەندێک بۆ یەکلاکردنەوە و قوڵکردنەوەی ناکۆکییە سیاسییەکان

ئەم دۆخەش ژینگەیەک بەرهەم دێنێت کە بەژینگەی قەیران ناسراوە و رەنگدانەوەی بۆ سەر تەواوی بوارەکانی دیکە بە بواری میدیاوە دەبێت.

### میدیا لە هەرێمی کوردستاندا لەسایەی ژینگەیەکی قەیراناویدا

پرسیاری سەرەکی ئەم باسە لەوەدایە کە ئایا لە هەرێمی کوردستاندا میدیا لە ژینگەیەکی قەیراناویایدا کاردەکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە لە سۆنگەی ئەو خەسڵەتانەوە دەدرێتەوە کە ژینگەی قەیراناوی بۆ میدیا دروستدەکات. ئەو خەسڵەتانەش وەک پێشتر ئاماژەی پێدرا بە پلەی یەکەم خۆی لە ناجێگیری سیاسییدا دەبینێتەوە کە سەرەنجام باڵدەکێشێت بەسەر کایەکانی دیکەی ژیانی هاووڵاتیان و لە بەرەنجامی بەردەوامبوونیدا ژینگەی قیراناوی دروستدەبێت.

هەرێمی کوردستان کە بەشێوەیەکی دیفاکتۆ لە دوای راپەڕینی جەماوەری خەڵکی کوردستانی عێراقی ساڵی ١٩٩١ دروستبووە، تایبەتمەندی خۆی هەیە و هەڵگری ئەو خەسڵەتانەیە کە ژینگەی قەیراناوی بۆ میدیا دروستدەکەن، بەتایبەت ئەزموونی خۆبەڕێوەبردنی هەرێمی کوردستان لە لایەن هێزە سیاسییەکانەوە هەر لە سەرەتاوە شێوەی زاڵکردنی مۆرکی حزبایەتی بەخۆوە بینی و بەدوای ئەودا شەڕی ناوخۆیی هەڵگیرسا و نائارامی سیاسیی و ئابووری باڵی بەسەر تەواوی ژیانی هاووڵاتیانی هەرێمەکەدا کێشا، ئەمەش وایکرد پرۆژەی نیشتمانسازی بکەوێتە گێژاو و ژینگەیەکی قەیراناوی دروست ببێت، ئەمە جگە لەوەی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراق هەمان ئەو کاریگەرییانەی لەسەربووە کە ڕووبەڕووی عێراق بۆتەوە بە گشتی و بەتایبەت لەدوای کۆتایی هاتنی رژێمی بەعس کە کۆمەڵگەیەکی لێکترازاو و سیخناخ لە ململانێ و قەیران دروستبووە، کەخۆی لە لاوازی بونیادی کۆمەڵایەتی و سیاسی و رێکخراوەیی و دەبینێتەوە، لەگەڵ بوونی چەندین ئاستەنگ لە بەردەم بەرقەرارکردنی خۆشگوزەرانی و ئاسایش لە رێگەی زیادبوونی دەسنوەردانی نێودەوڵەتی و هەرێمی لە کاروبارەکانیدا (٧).

ئەم ژینگە قەیراناویە ئەگەر بۆ ماوەیەک بەرەو هێوربوونەوە هەنگاوی نابێت، ئەوا ئەو ماوەیە کاتی بووە و نەتوانراوە بنبڕبکرێت و سەرەنجام دروست بۆتەوە، لەم چوارچێوەیەشدا میدیا تایبەتمەندی خۆی وەرگرتووە و بۆتە ئامرازێکی ململانێ سیاسییەکان، چونکە میدیا لە سایەی ژینگەی قەیراناویدا لە بری ئەوەی دەفری گوزارشتکردن بێت لە خواست و داواکارییەکانی جەماوەر دەبێتە ئامرازی بەڕێوەبردنی ململانێ و قەیرانی نێوان کارەکتەرە سیاسییەکان(٨) .


KCCRC
ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان

میدیـا لـە هەرێمـی کوردسـتاندا بۆتـە نێوەندێـک بـۆ یەکلاکردنــەوە و قوڵکردنــەوەی ناکۆکییــە سیاســییەکان. هەرچــی بابەتەکانــی پەیوەســت بــە دیــاردە کۆمەڵایەتییــەکان و پێکەوەژیانیشــە تــا دێــت بەرتەســک دەبنــەوە، ئەمــەش زەنگێکــی مەترســیدارە و گورزێکــی کوشــندەیە لــە پێکهاتــەی کۆمەڵگــە .

ئەم ژینگە قەیراناویەشە وایکـردووە سترەکچەری میدیا لـە هەرێمـی کوردسـتاندا ببێـتە خاوەنـی مۆدێلێکـی تایبـەت بەخـۆی، بەجۆرێـک ئێسـتا میدیا بۆتە بەشـێک لە ململانێ و ڕووبەڕووبونـەوەکان لەژێر نـاوی جیاجیا وەک میدیای حزبـی و ئەهلی لەناو حزبیدا و دەسـەڵات و ئۆپۆزسـیۆن، یاخـود میدیـای حزبـی ڕاسـتەوخۆ و ناڕاسـتەوخۆ بەجۆرێـک ئـەم دۆخـە ناچێنـە نێـو خانـەی پۆلێنکارییـە زانسـتییەکان، بەڵکـو مۆدێلێکـە تایبەتـە بـە هەرێمـی کوردسـتان و ئـەو ژینگـە قەیراناوییـە بەرهەمـی هێنـاوە کـە میدیـا کاری تێـدا دەکات.

دیارتریــن گرفــت کــە لــە ســایەی ژینگــەی قەیرانــاوی هەرێمــی کوردســتان دوچــاری میدیــا بــووە زاڵکردنــی گوتــاری حزبییــە بەســەر گوتــاری نیشــتمانیدا ئەمــەش وایکـردووە هـەر میدیایە و گوتـاری حزبی خۆی یەکسـان بکاتـەوە بـە گوتـاری نیشـتمانی، لـەو نێوەدەشـدا وەرگـر دوچـاری دۆخێکـی فیکـری ئاڵـۆز دەبێـت و سـەرەنجام دەبێتـە مایـەی کاڵبونـەوەی گیانـی هاونیشـتمانیبوون تیایـدا.

زاڵبوونـی میدیـای حیزبـی بـەو شـێوازەی لـە هەرێمـی کوردسـتاندا هەیـە نیشـانەی ئەوەیـە کـە لـە سـایەی ژینگەیەکـی قەیراناویـدا کاردەکات، بـەو پێیـەی لـە نێـو ژینگەیەکـی تەندروسـتدا میدیـا گوزارشـت لـە هێڵێکـی سیاسـیی نیشـتمانی دەکات، نـەک لـە هێڵێکـی حیزبـی ڕاسـتەوخۆ، بەواتایەکـی دیکـە پەیوەندیـی نێـوان میدیـا و سیاسـەت لەسـایەی ژینگەیەکـی تەندروسـتدا، وەک پەیوەندیـی نێـوان دوو هێـز و دوو ئۆرگانـی گرنگـی کۆمەڵگەیـە بەجۆرێـک دیـدی میدیـا ڕاسـتەوخۆ درێژکـراوەی ئـەو گوتـارە سیاسـیی و ئایدیۆلۆژییـە نییـە کـە دەسـەڵاتێکی سیاسـی حیزبێکـی دیاریکـراو بەرهەمـی دەهێنێـت، لەهەمـان کاتـدا خۆشـی بـە ڕکابـەر و نەیـار نازانێـت کـە وەک پارتێکـی ئۆپۆزسـیۆن مامەڵـە بـکات، بەڵکـو هەوڵـدەدات جۆرێـک لـە پەیوەنـدی دروسـتبکات کـە لـە بەرژەوەنـدی ئـەو ژینگەیـە بێـت کـە کاری تێـدا دەکات، بـۆ نمونـە ئەگـەر دەسـەڵاتی سیاسـی ڕادەسـتی ئـەو فشـارانە بێـت کـە میدیـا بـۆ دۆزە ناوخۆییـەکان دروسـتی دەکات، ئـەوا میدیـاش قبوڵـی ئـەو فشـارانە دەکات کـە لەلایـەن دەسـەڵاتی سیاسـییەوە دەخرێتـە سـەری بـۆ پشـتگیریکردن لـە سیاسـەتی نیشـتمانی لەسـەر ئاسـتی دەرەکـی(٩).

**میدیا لەسایەی ژینگەی قەیراناویدا چی بەرهەم دێنێت؟**

میدیـا لـە ژینگـەی قەیراناویـدا دەبێـتە فاکتەرێـک بـۆ زیاتـر قوڵکردنـەوەی قەیرانـەکان و ئاڵۆزکردنی کێشـەکان و گەرمکردنـی ململانێـکان، سـەرەنجام وادەکات گیانـی لێبـوردن و قبوڵکردنـی جیاوازییـەکان بـەرەو کاڵبونـەوە بەرێـت و پێچەوانـەی ئـەو ڕۆڵـە بگێڕێـت کـە میدیـا لـە نێـو ژینگـە تەندروسـتەکاندا هەیەتـی و لـە ڕێگـەی خسـتنەڕووی بیروبۆچـوون و بیرۆکەکانـی کار بـۆ پتەوکردنـی ئاشـتەوایی کۆمەڵایەتـی و چەسـپاندنی دینگەکانـی ئاسـایش و ئارامـی نێـو کۆمەڵگـە دەکات.

میدیـا لـە ژینگـە قەیراناوییەکانـدا وەرگـر دوچـاری پەرتەوازەیـی لـە بیرکردنـەوەدا دەکاتـەوە بەتایبـەت دەربـارەی بەهـا نیشـتمانییەکان و پێودانگەکانـی، هۆکارەکەشـی بـۆ ئـەوە دەگەڕێتـەوە بەها نیشتمانییەکان لەدیـدی میدیاکانـەوە خوێندنـەوەی جیاجیای بـۆ دەکرێت و هـەر میدیایـە و بـە پێـی بـاڵای بەرژەوەندییەکانـی خـۆی بەهـا نیشـتمانییەکان دەدوڕێـت، ئـەم دۆخـەش تـەواو پێچەوانـەی تێزەکـەی (لازفێڵـد و میلتـۆن)ە کـە پێیانوایـە میدیـا لـە نێـو هـەر کۆمەڵگەیەکـدا دەبێـت لەسـەر کۆمەڵێـک پێودانگـی کۆمەڵایەتـی کـۆک بـن بەتایبـەت لەسـەر بەهـا نیشـتمانییەکان(١٠) .

زانـای دەروونـاس هۆفمـان لـە بەرامبـەر کاریگـەری میدیـا پێیوایـە تاکـەکان پارچـە ئیسـفنجێکن پەیامـی میدیایـی هەڵدەمـژن، ئـەو پەیامانـەش ئەگـەر لەگـەڵ بەهاکانـی کۆمەڵگەشـدا یەکنەگرنـەوە، سـەرەنجام وادەکات کۆمەڵێـک بەهـا لەناخـی تاکەکانـدا بچەسـپێنێت

کـە لەگـەڵ بەهـا باوەکانـدا چـون یـەک نەبـن (١١).
لەسـەر ئـەم بنەمایـە لـە ژینگـە قەیراناوییەکانـدا تـاک رووبـەرووی چەردەیـەک پەیامـی جیاجیـای دژ بەیـەک دەبێنـەوە کـە وادەکات زنجیرەیـەک بەهـای جۆراوجـۆری دژ بەیـەک لەناخیانـدا بچەسـپێنێت، ئـەم دۆخـەش دەبێنـە مایـەی پەرتبوونـی بەهـای نیشـتمانی لای تاکـەکان، نـەک جێگیرکردنیـان .

ژینگـەی میدیایـی کـە دوچاری قەیـران دەبێـت شـێرازەی کاری میدیایـی تێکـدەدات و بـێ سـەروبەرەیی میدیایـی دروسـتدەبێت و بـواری دیسـپلینە یاسـایی و ئێتیکییـەکان نامێنێـت، ئیـدی گوتـاری میدیایـی پەرتـەوازە دەبێـت و بەرژەوەنـدی تایبەتـی هێـزە باڵادەسـتە سیاسـی و ئابوورییـەکان کۆنترۆڵـی میدیا دەکـەن و بەگـەڕی دەخەن بـۆ خزمەتکردنـی ئەجێنـدای تایبـەت بـە خۆیـان بـێ گوێدانـە هیـچ بەهـا و بنەمایەکـی پیشـەیی، سـەرەنجام لەسـایەی کەڵەکەبوونـی هەڵسـوکەوتە هەڵەکانـی میدیـا جەمـاوەر و ڕایگشـتی متمانەیـان بەمیدیـا نامێنێـت(١٢) .
بێسـەروبەرەیی میدیایـی لـە هەمـوو دۆخێکـدا دەبێنـە مایـەی تێکـدان و پارچەپارچەکردنـی ڕایگشـتی، چونکـە میدیا لـە ژینگەیەکـی قەیراناویـدا ناتوانێت ڕایەکی گشـتی کاریگـەر دەربـارەی پرسـە سیاسـییەکان دروسـتبکات، بەڵکـو دەبێنـە مایـەی پارچـە پارچەکردنـی ڕاکان(١٣).
هەنگاونان بۆ دەربازکردنی میدیا لە ژینگەی قەیراناوی میدیـا هـەروەک چـۆن میکانیزمـی ئۆخکردنـەوەی ژینگـە قەیراناوییەکانـە، ئاوهـاش دەکرێـت ببێـنە مایـەی هێورکردنـەوەی ئـەو ژینگەیـە و نەهێشـتنی، بـەڵام لـە سـەرەتادا دەبێـت میدیـا خـۆی لـەو ژینگەیـە دەربازبکات، دەربازکردنـی میدیـاش لـەو ژینگەیـە کارێکـی ئاسـان نییـە و پێویسـتی بـە هەنـگاوی بوێرانەیـە لەوانـە:

**یەکەم: ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسی**

ئەزموونـی ئـەو وڵاتانـەی لـە ژینگەیەکـی قەیراناوییـەوە بـەرەو ژینگەیەکـی ئـارام و هێمـن هەنگاویـان نـاوە پێمـان دەڵێـن ئاسـاییکردنەوەی دۆخـی سیاسـی و کۆتاییهێنـان بـە ناکۆکـی نێـوان پێکهاتـە سیاسـییەکان، بـە هەنـگاوی یەکـەم و بنەڕەتـی دەربازکردنـی وڵات لـە ژینگـە قەیراناوییەکـەی لەقەڵـەم دەدرێـت.
ئـەم هەنـگاوەش بـە پرۆسـەی هاوبەشـی سیاسـی دەسـتپێدەکات، واتـە تـەواوی پێکهاتـە سیاسـییەکان خۆیـان بـە خاوەنـی دەسـەڵاتی سیاسـی بزانـن و لایەنێکی دیاریکـراو مافـی ئـەوەی نەبێـت جـا بەهـەر پاسـاوێک بێـت هەمـوو دەسـەڵاتەکان لـەلای خـۆی بهێڵێتـەوە و بۆچوونـی لایەنەکانـی دیکـە فەرامـۆش بـکات، چونکـە ئـەو دەمـەی هەمـوو لایەنـەکان دەبنـە بەشـێک لـە پرۆسـەی دروسـتکردنی بڕیـار و بونیادنانـی دەوڵـەت، ئیـدی دۆخـی سیاسـی و ئاسـایش و ئابـووری بـەرەو ئارامـی دەڕوات و بەرپرسـیارێتی نیشـتمانی دەچێتـە ئاسـتێکی بـەرز(١٤) .
هاوبەشـی سیاسـی ئاسـانترین ڕێگەیـە بـۆ بەدیهێنانـی ئارامـی و گەشـەکردنی کۆمەڵگـە و ئـەو ڕاسـتییە بەدیدێنێـت کـە نیشـتمان هـی هەموانـە(١٥)، لەسـەر ئـەم بنەمایـەش ئاسـاییکردنەوەی دۆخـی سیاسـی بـەدوای خۆیـدا دۆخـی ئابووریـش بـەرەوە ئاسـاییبونەوە دەبـات، بۆیـە بـە هەنـگاوی یەکەمـی دەربازبـوون لـە ژینگـەی قەیراناوی نێـو کۆمەڵگـە دادەنرێـت و سـەرەنجام میدیا وەک هـەر کایەیەکـی دیکـە ڕۆڵێکـی ئەرێنـی دەبینێـت و ڕێچکـەی کارەکانـی دەچێتـەوە دۆخێکـی ئاسـایی.

**دووەم: ڕەخساندنی ژینگەیەکی لەباری یاسایی**

ئـەو دەمـەی یاسـا سـەروەر نییـە و بەشـێوەیەکی تـەواو جێبەجـێ ناکرێـت، ئیـدی ئـەوە یەکێکـە لـە خەسـڵەتەکانی ژینگـەی قەیرانـاوی(١٦)، کەواتـە بـۆ ئـەوەی ژینگـەی میدیایـی بـەرەو ئاسـاییبونەوە بـڕوات دەبێـت کار بـۆ سـەروەری یاسـا بکرێـت و دەقـە یاسـاییەکانی تایبـەت بـە مامەڵـە لەگـەڵ میدیـادا ئـەو بوارانـە بەهەنـد وەربگرێـت کـە ژینگـەی کاری میدیـا بـەرەو قەیـران دەبـات، بەتایبـەت پێویسـتە لـە ڕێگـەی یاسـاوە چوارچێوەیەکـی دیسـپلینئامێز بـۆ بەرگرتـن لـە هەمـوو ئـەو گوتارانـەی میدیـا دابنرێـت کـە ڕق و کینـەوە بڵاودەکاتـەوە و ئاشـتی و ئارامـی کۆمەڵگـە دەخاتـە مەترسـییەوە و دەبێتـە ئامرازێـک بـۆ هانـدان و بڵاوکردنـەوەی پشـێوی، ئـەم هەنگاوانـەش لەگـەڵ یاسـا

نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە پاراستنی مافە مەدەنی و سیاسیەکاندا دێتەوە، کە جەخت لە پێویستی بەرگرتن بە هەموو جۆرە پەیامێکی میدیایی دەکاتەوە کە دەبنە مایەی بڵاوکردنەوەی توندوتیژی و رق و کینە و چاندنی تۆوی دووبەرەکی لە نێوکۆمەڵگەدا(١٧)، هەروەک نابێ دەقە یاساییەکانیش خۆیان ببنە هەڕەشە بۆ ئازادی کاری رۆژنامەنووسان، چونکە رەخساندنی ئازادی بۆ میدیاکاران بە بنەمای سەرکەوتنی کاری میدیا لە قەڵەم دەدرێت، بۆ ئەوەی ئازادیش بۆ میدیاکار بڕەخسێت دەبێت ژینگەیەکی لەباری یاسایی بۆ

**هاوبەشی سیاسی ئاسانترین ڕێگەیە بۆ بەدیهێنانی ئارامی و گەشەکردنی کۆمەڵگە و ئەو راستییە بەدیدێنێت کە نیشتمان هی هەموانە**

فەراهەم بکرێت کە بێ ترس ئەرکەکانی بەجێبێنێت، لەسەر بنەمای ئەو راستییەی ئازادی دەربڕین مافێکە و تەواوی بەڵگەنامە جیهانییەکانی هاوشێوەی جاڕی گەدونی مافەکانی مرۆڤی ساڵی ١٩٤٦ و پەیماننامەی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکانی ساڵی ١٩٦٦ جەختیان لێکردۆتەوە، ئەو مافەش لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهاندا پەیوەستە بە چوارچێوەیەکی یاساییەوە کە شێوازی پەیڕەوکردنی دیاریدەکات(١٨) .

لەم سۆنگەیەوە گەر ژینگەیەکی لەباری یاسایی بۆ میدیاکار لە هەر وڵاتێکدا بڕەخسێت دەتوانێت کۆمەڵێک دەسکەوت لە بواری چەسپاندنی ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی بەدەست بهێنرێت بە تایبەت لە بواری ئاڵوگۆڕکردنی بیروپۆچوونە جیاوازەکان و گەیشتن بە راستییەکان(١٩).

**سێیەم: کارکردن بۆ چەسپاندنی ئێتیکی کاری میدیایی**

بۆ ئەوەی میدیا ببێتە فاکتەری کۆتاییهێنان بە ژینگەی قەیراناوی، دەبێ لە ئەرکەکانیدا رەچاوی بنەما پیشەیی و ئێتیکییەکان بکات کە کۆمەڵێک بەهای تایبەت بەکاری رۆژانەی میدیاکارە و دەچنە خانەی خزمەتکردن بە بەرژەوەندی گشتی، ئەو بەهایانەش زیاتر پەیوەستن بە نەریتی میدیایی نەک یاسایی، بۆیە لەزۆرێک لە وڵاتاندا بە پەیمانی شەرەفی میدیایی لە قەڵەم دەدرێت(٢٠) .

ئێتیکی کاری میدیایی جەخت لە کۆمەڵێک بەها دەکاتەوە کە میدیاکاران دەبێت پێوەی پابەند بن، دیارترین ئەو بەهایانەش بریتین لە(٢١) :

١- سەربەخۆبوون: ئەم بنەمایە پەیوەستە بە کەناڵەوە، واتە چۆن کەناڵێک بتوانێت سەربەخۆبوونی خۆی لە کاتی روماڵکردنی بابەت و زانیارییەکاندا بسەلمێنێت و پیشانی بدات کە نەکەوتۆتە ژێر کاریگەری هیچ دەسەڵات و ئایدۆلۆجیایەکی سیاسی، بەرژەوەندییەکی بازرگانی یا هەر بەرژەوەندییەکی دیکەوە.

٢- راستی و وردبینی: کە دەوترێت راستی واتە گواستنەوەی زانیاری و بیروبۆچوونەکان بە راستگۆیانە و خۆبەدوورگرتن لە هەندێک زانیاری کە دەچنە خانەی واتە وات و پروپاگەندەوە، هەرچی وردبینییە واتە گواستنەوەی رووداوەکان وەک خۆی بە بێ لابردنی هەندێک بابەت کە زانیارییەکان نیوە ناچڵ دەکات، یاخود گەورەکردنی هەندێک بابەت زیاد لە پێویست کە وەرگر چەواشە بکات.

٣- بێلایەنی و بابەتیبوون: واتە زانیاری و بیروبۆچوونەکان بە بێ لایەنگیری مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت، لەگەڵ رەچاوکردنی هاوسەنگی و خستنەڕووی بیروبۆچونە جیاوازەکان و خۆدامالین لە هەموو مەیل و ئاڕاستەیەکی ئایدۆلۆجی لەکاتی روماڵکردندا.

٤- بەرپرسیارێتی: واتە ڕەچاوکردنی دۆخی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی لەکاتی سازاندنی پەیامە میدیاییەکاندا، لەم ڕوانگەیەوە دەبێت میدیاکار ئەو ڕاستیە لەبەرچاو بگرێت کە ئەو بەرپرسیارێتییەکی گەورەی لە ئەستۆیە لە ڕووی خزمەتکردنی ئەو کۆمەڵگەیەی کاری تێدا دەکات، بەو پێیەی میدیا لەگەڵ کایە جیاجیاکانی ژیانی هاووڵاتیاندا تێکەڵ دەبێت، پێویستە میدیاکار هەستیارانە و بەرپرسیارانە مامەڵە بکات و خۆی لە هەموو جۆرە کارێک بە دوور بگرێت کە دەبنە مایەی تێکدانی ژیانی هاووڵاتیان.

**چوارەم: هۆشیارکردنەوەی میدیاکاران و چاودێریکردنیان**

پابەندکردنی میدیاکاران بۆ ئەوەی نەبنە فاکتەری قوڵکردنەوەی قەیرانەکان و لە بەرامبەردا هەوڵبدەن دۆخە نائاساییەکان کۆتایی پی بهێنن، پابەندبوون بە بنەما ئێتیکییەکان کارێکی ئاسان نییە و پرۆسەیەکی درێژخایەنە، زۆر جار بەها ئێتیکییەکان دەچنە خانەی تیۆرییەوە، لە پراکتیدا ئەو بەهایانە وەک خۆی جێبەجێناکرێن، دیارترین ئەو ڕێگریانەی ئاستەنگن لەبەردەم جێبەجێکردنیدا دەستوەردان و تێکەڵبوونی بەرژەوەندییە سیاسییەکانە، بۆیە پێویستە ئەم ڕێوشوێنانە بگیرێنەبەر(٢٢):

١- کردنەوەی خول و سیمناری تایبەت بە میدیاکاران بۆ بەشداری پێکردنیان لە سازاندنی پەیماننامەکانی پەیوەست بە شێوازی مامەڵەکردن لەگەڵ دۆزە هەستیارەکاندا.

٢- چالاککردنی یەکێتی و سەندیکا و ڕێکخراوەکانی پەیوەست بەکاری میدیایی بۆ ئەوەی ڕەفتاری میدیاکاران لە نێو کەناڵەکاندا دیاری بکەن .

٣- هۆشیارکردنەوەی میدیاکاران بۆ ئەوەی هەمیشە چاوکراوەبن و ڕادەستی ئەو بەرژەوەندییە داراییانە نەبن کە دەخرێنە بەردەمیان و خۆیان لە هەموو کەموکورتییەک بەدووربگرن کە بەرژەوەندی گشتی دەخاتە بەردەم مەترسی.

٤- کاراکردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بۆ ئەوەی چاودێری کەناڵەکان بکەن و ڕووبەڕووی هەموو ئەو پەیامانە ببنەوە کە ژیان و گوزەرانی هاووڵاتیان دەخاتە مەترسییەوە.

**دەرئەنجام:**

ژینگەی قەیراناوی ئەو دەمە دروستدەبێت کە بواری گشتی کاری میدیایی دوچاری کێشە و گرفت دەبێتەوە، بەتایبەت بواری سیاسی، درێژەکێشان و بەردەوامبوونی ئەو ژینگەیەش ڕاستەوخۆ کاریگەری دەکاتە سەر ئەرکەکانی میدیا، ئیدی میدیا دەبێتە ئامرازێک بۆ بەڕێوەبردنی ململانێ سیاسییەکان و تێکدانی بەها نیشتمانییەکان و پارچە پارچەکردنی ڕایگشتی، نەک بڵاوکردنەوەی گیانی تەبایی و کلتوری پێکەوەژیانی هاووڵاتیان.

بە وردبونەوە لە تایبەتمەندی و خەسڵەتەکانی، ئەو ژینگەیەی لە هەرێمی کوردستاندا بوونی هەیە و لەگەڵ خۆیدا کۆمەڵێک کێشە و گرفتی دروستکردووە، درێژەکێشانی ئەو دۆخەش زیاتر هاووڵاتیان بەرەو نائارامی دەروونی دەبات و پێویستە کار بۆ کۆتاییهێنانی بکرێت، بە تایبەت لەڕێگەی ئاساییکردنەوەی دۆخی سیاسی و دانانی زنجیرەیەک دیسپلینی یاسایی و ئێتیکی تا میدیا لە ئامرازی قوڵکردنەوەی قەیرانەوە ببێتە ئامرازی هێورکردنەوە و کۆتاییهێنان بە قەیرانەکان.

**سەرچاوەکان:**

(١) اندرياس بريس و بروس ويليامز، البيئة الاعلامية الجديدة ، ترجمة: شويكار زكي، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، ص ٢٠

(٢) د. محمد الحضيف، وسائل الاعلام والجمهور: حقيقة التاثير، موقع النوافذ، www. islamtoday. net/ nawafeth/artshow–٤٠–١٢٩٨٨٨. htm، ٢٠١٨/٩/٢٠.

(٣) محمود جاسم الصميدعي، د.ردينة عثمان يوسف، التسويق الاعلامي مدخل استراتيجي، عمان، دار المناهج للنشر و التوزيع، ٢٠٠٣، ص ص ١٠٦–١٠٧.

(٤) ندى امين ، ندوة بواشنطن بعنوان "الاعلام في البيئات المتازمة – السودان نموذجا" فيديو، sudanvoices. com/? page_id=٧ ، ٢٠١٨/٩/٢٤.

(٥) حسين احمد دخيل السرحان، اثر عدم الاستقرار السياسي على مؤشرات التنمية البشرية في العراق بعد عام ٢٠٠٣، مجلة اهل البيت عليهم السلام، العدد ١٨، ايلول ٢٠١٥، ص ص ٢٠–٢١.

(٦) د.عباس ناجي جواد، عبدالله محمد رشيد، تقدير اثر العوامل الاقتصادية في مستوى الاستقرار السياسي في عينة مختارة من الدول للمدة من ٢٠١٢–٢٠١٤، مجلة الكوت للعلوم الاقتصادية و الادارية، كلية الادارة والاقتصاد جامعة واسط، العدد ٢٨، الجزء الاول، كانون الاول ٢٠١٧، ص ٣٣.

(٧) المصدر نفسه، ص ٢٢.

(٨) د.جليل وادي حمود، الاعلام في البئات المتازمة العراق انموذجا، عمان، دار اسامة للنشر والتوزيع، ٢٠١٣،ص ٣٢.

(٩) د. يحيى اليحياوي ، قضايا في تجاذبات العلاقة بين الإعلام والاتصال والسياسة ، الدوحة، مركز الجزيرة للدراسات، ٢٠١٣، ص ٥.

(١٠) علي عبدالفتاح كنعان، الاعلام و المجتمع، عمان، دار ياورزي العلمية للنشر و التوزيع، ٢٠١٤، ص ٣٠.

(١١) المصدر نفسه، ص ص ٦٣–٦٤.

(١٢) د. جورج صدقه، الاخلاق الاعلامية بين المبادئ والواقع، بيروت، مؤسسة المهارات، ٢٠٠٩، ص ٣٢.

(١٣) د.جليل وادى حمود، مصدر سابق، ص ٨٤.

(١٤) احمد جويد، الشراكة السياسية، مركز الامام الشيرازي للدراسات و البحوث، www. alnoor. se/ article. asp? id=١١١٥٢، ٢٠١٨/٩/٢٧.

(١٥) مصطفى ابو السعود، الشراكة السياسة.. الطريق نحو استقرار المجتمع، مدونات الجزيرة، blogs. aljazeera. net/blogs/٢٠١٨/٨/١٧الشراكة–السياسة–الطريق–نحو–استقرار–المجتمع، ٢٠١٨/٩/٢٨.

(١٦) ندى امين ، مصدر سابق.

(١٧) حسن اليوسفي المغاري، عن خطاب الكراهية في وسائل الاعلام، موقع الجزيرة الالكتروني، blogs. aljazeera. net/blogs/٢٠١٧/٤/١٣عن–خطاب–الكراهية–في–وسائل–الاعلام، ٢٠١٨/٩/٢٦.

(١٨) اعلام بلا ضمير شعب بلا وعي، مركز هيدبرو لدعم التعبير الرقمي، القاهرة ، ٢٠١٥، ص ١٨.

(١٩) المصدر نفسه، ص ٢٠.

(٢٠) احمد عبدالمحسن بدوي محمد، الشرف الصحفي والقيم الاخلاقية، مجلة الامن والحياة ، جامعة نايف العربية للعلوم الامنية ، الرياض، العدد ٣٦٢ ، يونيو٢٠١٢، ص ص ٤٧–٤٨.

(٢١) اخلاقيات ومبادئ العمل الصحفي والإعلامي، مركز هيدبرو لدعم التعبير الرقمي، القاهرة، ٢٠١٦، ص ص ٩–١٤.

(٢٢) د. جورج صدقه، مصدر سابق، ١٨.

KCCRC

Kurdistan conflict and Crisis Research Center

## دەربارە

ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان ناوەندێکی قازانج نەویستی سەربەخۆیە، کاردەکات بۆ ئەنجامدان و پشتگیریکردن و هاندانی توێژینەوەو پێشکەشکردنی بە ڕای گشتی، هەروەها وەرگێڕانی کتێب و نوێترین توێژینەوە جیهانییەکان بۆ سەر زمانی کوردی و دەوڵەمەندکردنی لیتریچەی کوردی لەبوارەکانی سیاسەت و دیراساتی ئایندە، بە مەبەستی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ گرفتە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئەمنییەکان، ئاگادارکردنەوەی دەستەبژێری سیاسیی کورد لەو هەڕەشانەی کە ڕووبەڕووی کوردستان و ناوچەکە دەبنەوە.

Political Studies PS

Terrorism & Security Studies TSS

Islamic Studies IS